کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# ئیتر بەسە لێم تێبگە

**هێمن ڕەئووف**
www.hemnrauf.kurdblogger.com



لەو ساتەوەی تۆم خۆشدەوێ
هیچ جوانییەک نەیتوانیوە
فریوی چاوەکانم بات
لە تۆ جوانتر
بۆ بینایی من دەرکەوێ

لەو کاتەوەی تۆ لە دڵمای
کەسێ نیە
بەقەد چرکەیەکی عومرت
خۆشم بوێ

لەوەتەی تۆ
بووی بە بەشێ لە ژیانم
هەموو شتێ
بە یادی تۆ دەست پێئەکەم
هەمووکاتێ
بە بیری تۆ بەڕێ ئەکەم

لەگەڵ هەر چەپکێ لە ووشە و ووتەکانم
ئەگەر بێتوو
ناوی شیرین و ڕەوانی تۆی تێنەکەم
ڕۆژی چەندان هەڵە دەکەم

دە تۆیش
ئەی ترووسکەی ژینم
تۆ ئەی پەیکەری سەنگینی
درووست بوو لە خوێن و دڵم
لێم تێبگە و
ئەوەندە ئازارم مەیە

ئەگەر جار جار
شیعرێکی بێزارم نووسی
وا مەزانە ئەوانەشم هەر بۆ تۆیە

دڵنیابە بەس خۆشیەکانی ژینم
تەنها شیعری پڕ هەنگوینم
ڕوو لە تۆیە

من ژیان ئەنووسمەوە و
لە بەهەشتا ناژیم گوڵم

بۆیە توێشوی ئەم سەفەرەم
ئازارێکی لە کۆڵ ناوە
هاوسەفەری عەشقی تۆیە

من ناتوانم هەنگاوبنێم بەسەر
گێژاوێکی لێڵا
ناتوانم بێدەنگ بم لەئاست
ژیانێکی پڕ لە درۆ

بۆیە ئەبێ لێم تێبگەی
دڵم لانەی هیچ کەس نییە
بێجگە لە تۆ

من ژیان ئەنووسمەوە و
ژیانیش خەم دە خولقێنێ
خەمیش لە بەردرگای دڵما
میوانێکی خوێن شیرینە

ڕۆژێ منالێکی هەتیو
ڕۆژێ ژنێکی سوتاوە
ڕۆژێ عەشقێکی خنکاو و
عاشقێکی دڵشکاوە

ئیتر بەسە و لێمتێبگە
تۆ بەشێکی لە دڵی من
بێتۆ سوڕی خوێنی گەشم
بە شێنەیی لە شوێنی خۆیا وەستاوە
ئەی ترووسکایی ئەم دڵە پڕ لە عەشقەم